# شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران
# و کاریگەریی لەسەر کورد[١]

زامدار ئەحمەد
توێژەر

**پێشەکی**

مێژوو، هەڵگری هەزاران ڕووداوی خۆش و ناخۆشە، هەموو بابەتێک تۆماردەکا. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شەڕ و کوشتار و تیرۆر و سووتاندنی مرۆڤ و هەزاران ڕوداوی تری دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی و نامرۆڤایەتییەکان بوونیان هەیە. تاکوو ئێستاش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام گرفت و ئاریشەی تێدایە و چارەسەرکردنی کارێکی سانا نییە.

سەرەتای مێژووی سەددەی بیستەم، بە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) بەدرێژایی چوار ساڵ دەستی پێکرد و بە ملیۆنان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل، لەناوچوون. لەنێوەڕاستی سەددەی بیستەم، جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) لەنێو زۆرینەی وڵاتانی جیهان دروست بوو، بەدرێژایی شەش ساڵ، ئەم جەنگەش، جەنگێکی کوشندە و جیهان هەژێن و ڕووخێن بوو. لەدوای ئەو جەنگەوە جەنگی سارد لەنێوان دوو بەرەی جیهانی -سەرمایەداری و سۆسیالیستی- بەڕێبەرایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بوو، تا ڕووخانی سۆڤیەت، لە ساڵی (١٩٩١).

ئەو جەنگە مێژووییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، لەنێوان دوو وڵاتی دراوسێی یەکتر، ئەوانیش عێراق و ئێران بوو، بۆ ماوەی هەشت ساڵی (١٩٨٠-١٩٨٨)، بەردەوام بوون لە شەڕکردن، بەبێ سەرکەوتنی هیچ لایەنێکیان، ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم بوو، تەنیا هاوڵاتی سڤیل بوو و بووە هۆی زیاتر خوێناوی کردنی مێژووی ناوچەکە.

ئەم تۆژینەوەیە، لەبارەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران نووسراوە، بەتایبەتی کاریگەری ئەو شەڕە بەسەر کوردەوە. لەسەرەتادا، کورتە باسێکی مێژوویی نێوان هەردوولا خراوەتەڕوو، لەدواتردا باسی شەڕی هەشت ساڵە و سەرەتا و هۆکاری شەڕەکە کراوە. هاوکات، کاریگەری شەڕی عێراق-ئێران، بەسەر کوردەوە گەنگەشەکراوە و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە و پەیماننامەکە ڕوونکراوەتەوە.

[١] ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٣٠ تا ١٣٦ی گۆڤاری جۆرناڵ (گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی شیکارییە)، ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە دەریدەکات، ژمارە ٧، تشرینی دووەمی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.
تێبینی: ژمارەی لاپەڕەکانی ناو ئەو فایلە، بە هەمان شێوەی گۆڤارەکە دانراوە.

**پێشینەیەکی مێژوویی عێراق و ئێران:**

لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەگشتی هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەرداهات، لەنێو ئەو گۆڕانکاریانەشدا دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ بوو، بەنێوی (عێراق)، کە بەریتانییەکان لە ساڵی (١٩٢١) دایانمەزراند و وەک یەکە سیاسی و جوگرافی ناساندیان و (فەیسەڵی کوری حوسێن –سوونە مەزهە بوو–)یان لەمەککەوە هێنا و کردیان بە پاشا، بەمەبەستی ڕازی کردنی کۆی گشتی دانیشتووانی عێراق.

لەسەروبەندی دامەزراندنی عێراق، ئێران لەبارودۆخێکی زۆر خراپی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتی قاجارییەکاندا (١٧٩٦–١٩٢٥) بوو، نێزیک بوو لە گۆڕانکاری ڕیشەیی، لەدوای چوار ساڵدا کۆتایی بە دەسەڵاتی سەد و بیست و نۆ ساڵەی قاجارییەکان هات و بنەماڵەی پەهلەوی بەڕێبەری ڕەزا خان، دەسەڵاتیان گرتە دەست. لەوکاتەوە پێوەندی عێراق و ئێران، پێوەندییەکی دیپلۆماسی گونجاو و لەبار نەبوو(١).

سیاسەتی بنەماڵەی پەهلەوی (١٩٢٥–١٩٧٩)، بەتایبەت ڕەزا شا، جیاواز بوو، لە سیاسەتی قاجارییەکان، لە فەرمانڕەوایەتی کردن و بنەمای دەوڵەت بەڕێوەبردنی گەڕایەوە بۆ بنچینەی مێژووی ناوچەکە، واتە بەر لە هاتنی ئیسلام. هاوکات، ئامادە نەبوو بەشێوەیەکی فەرمی –وەک یەکە سیاسی و جوگرافی– عێراق بەدەوڵەت بناسێێ. تەنانەت لە ساڵی (١٩٣٢)ش، لەوکاتەی بەریتانیا هاوکاری عێراق کرد و چووە نێو کۆمەڵەی گەلانەوە. ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بە هۆکاری سیاسی، چونکە هەردوو دەوڵەت هەوڵی فراوانکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەدا(٢).

پەیوەندییە خراپ و پڕ ئاریشەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بەردەوام بوو، لە ساڵی (١٩٣٧)، جارێکی تر لەسەر سنووره کێشەیان بۆ دروست بۆوە، لەوکاتەدا وڵاتانی تر، هاتنە نێو ئەو پێوەندییە و لەژێر فشاردا، ڕێککەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتییان بەنێوی (سەعد ئاباد) لە ساڵی (١٩٣٧) پێ مۆرکردن. لەگەڵ چەند ڕێککەوتننامەیەکی تر، بەمەبەستی نەهێشتنی بارگرژی نێوانیان. تارادەیەک ئەو ڕێککەوتننامەیە، پێوەندیی نێوان هەردوولای باش کرد، تەنانەت لە ساڵی (١٩٥٥) ئەو هاوپەیمانییە فراوانتر بوو، چونکە تورکیا و پاکستان هاتنە نێو پەیماننامەکە، بەڵام زۆری درێژە نەکێشا(٣).

پێوەندی نێوان عێراق و ئێران، تا چواردەی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) باش بوو، بەڵام لەدوای ئەو ڕێککەوتەوە بارودۆخ بەرەو خراپی ڕۆیشت، شای ئێران ڕێککەوتنی سەعدئابادی ڕەتکردەوە، لەبەرانبەر ئەمەدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەحمەد حەسەن بەکر وتی: نەعەرەبم نەموسوڵمانم، گەر ئەو هەڵوێستە نامەردانەم لەیاد بچێ(٤).

ئێران هەوڵیدەدا چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی عێراق داگیربکا. تا ساڵی (١٩٧١) هەر یەک لە دوورگەکانی (طنب بچووک، طنب گەورە و ابوموسی)ی داگیرکرد و بەیەکجاری پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە پچرا و بارودۆخی سنوور زیاتر بەرەوە خراپی ڕۆیشت(٥).

ئێران، هاوکاری جوڵانە و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد، لە باشوور. ئەمەش گرفتی بۆ عێراق سازکردبوو، بۆ کۆتایی هێنان بەو بزوتنەوە و چالاکییە کوردانە، لە ساڵی (١٩٧٥) عێراق ڕێککەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ ئێران مۆرکرد، بۆئەوەی هاوکاری کوردانی باشوور نەکات و پێوەندی نێوان باش بێتەوە، بەڵام ئەمەش وەکو ڕێککەوتننامەکانی پێشوو، زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە ساڵی (١٩٧٩) جارێکی تر گۆڕانکاری بەسەر سیستەمی سیاسی ئێراندا هات، بنەماڵەی پەهلەوی لەتەختی دەسەڵات نەمان و سەرانی شۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتیان گرتە دەست و ڕێککەوتننامەی جەزائیر هەڵوەشایەوە. سەددام حوسێن و خومەینی زیاتر خەریکی بەگژیەکداچوونەوە بوون. ئەمە سەرەتایەک بوو، بۆ شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران(٦).

**شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران:**

ئەو پێشینە مێژووییەی لەبارەی عێراق و ئێران باسکرا، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی دوور و درێژ لەنێوان دوو وڵاتدا. بە تاکە شەڕی درێژخایەنی سەددەی بیستەم دادەنرێ و هیچ لایەکیان سوودمەند نەبوون، بەڵکو زەرەر و زیانێکی زۆری ئابووری، مرۆیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیان بەرکەوت. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان، ئەحمەد حەسەن بەکر، پیرۆزبایی لە ئایەتوڵڵا خومەینی کرد– دەسەڵاتداری یەکەمی دوای بنەماڵەی پەهلەوی–، بەبۆنەی هاتنە سەر دەسەڵات و نەمانی بنەماڵەی پەهلەوی. بەڵام وەڵامی سەرانی ئێران، وەڵامێکی نیگەتیڤانە بوو و

بەدڵی عێراق و بەتایبەت بەعسییەکان نەبوو، لەو سەروبەندەدا، سەددام حوسێن کودەتایەکی سپی بەسەر ئەحمەد حەسەن بەکر دا کرد و کۆی گشتی دەسەڵاتەکانی کەوتە ژێر دەستیەوە، ئەمەش زیاتر پێوەندییەکانی گرژتر کرد(٧).

شیعەکانی ئێران لە عێراق چالاکی سەربازییان ئەنجامدەدا، بەشێوەیەک لە یەکی نیسانی ساڵی (١٩٨٠) لەکاتی وتار خوێندنەوەی تاریق عەزیز نارنجۆکێک تەقییەوە، چەند کەسێک شەهید و بریندار بوو، لەکاتی ناشتنی جەستەکان، نارنجۆکێکی تر تەقییەوە، ئەمە هێندەی تر بارودۆخەکەی گرژتر کرد. عێراق، ئێرانی بەو کردەوانە تاوانبار کرد. لەدواتردا ئێران چەند کار و هەڵوێستێکی نواند، کە لەبەرژەوەندی عێراق نەبوو، لەم نێوەندەشدا سەددام حوسێن تووڕە ببوو و بەڵێنی دابوو، کە دەبێ تۆڵەی ئەو خراپەکارییەی ئێران بکاتەوە، کە لەبەرانبەریان ئەنجامی داوە(٨). لەبەرانبەر کردەوەکانی ئێران، سەددام حوسێن هەریەک لە (ئایەتوڵڵا باقر ئەلسەدر و بنتلهودای باقر ئەلسەدر) دەستگیرکردن و لە نەجەفەوە بەرەو بەغداد گواستنییەوە و لە سێدارەی دان و ئایەتوڵڵا ئەلخوئی لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکرد، ئەمانە کەسایەتی ئاینی شیعە مەزهەب بوون. هاوکات، نێزیکەی چل هەزار کەسی لە شیعە مەزهەب لە عێراق دوورخستەوە. سەددام حوسێن، زۆر ڕێگەی تری گرتە بەر، بەمەبەستی تووڕەکردنی ئێران، لەوانە هاوکاری کوردانی ڕۆژهەڵاتی کرد، بۆ ئەوەی گرفت و ئاریشە بۆ ئێران دروست بکەن و ژمارەیەکی زۆر لە چەک و پێداویستی سەربازی بە خەڵکی ناوچەکانی هەورامان و مەریوان بەخشی و نێزیکەی دە هەزار چەکی بۆ شێخە عەرەبەکانی خوزستان نارد، بەمەبەستی تێکدان و ڕووبەرووبوونەوەی ئێران.. تاکوتەرا، وتاری ئاگرین و ئاریشە هێن بڵاودەکرایەوە(٩). لەبەرئەو هۆکارانە و چەند فاکتەرێکی تر لەڕێککەوتی حەڤدەی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٠)، سەددام حوسێن لەڕێگەی شاشەی تیڤییەوە ڕێککەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشانەوە، کاغەزی پەیماننامەکەی دڕاند و وتی: عێراق بڕیاریداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ناوچە مێژووییەکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە سەر سنوری جوگرافی عێراق و سەروەرییەکانی دەگەڕێنێتەوە. لە بیست و دووی هەمان مانگدا، سەد و نەوەد و دوو فڕۆکەی عێراقی سنووری ئێرانیان بەزاند و هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەکانی ئێران، ئەمە دەستپێکی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق ئێران بوو(١٠). بۆ ڕۆژی دواتر، سوپای زەمینی عێراق بەدرێژایی (٥٥٠) کیلۆمەتر هاوسنووری نێوانیان، هێرشی کردە سەر خاکی ئێران. لەسەرەتادا، هێزە عێراقییەکان هەوڵیاندەدا ناوچەکانی خۆیان بەدەست بهێننەوە، لەوانە (خوڕەمشەهر و عەبادان)، بەڵام دواتر هەوڵیاندەدا دەست بەسەر چەندین ناوچەی فراوانی ئێراندا بگرن، بەمەبەستی دەرخستنی هێز و توانای سوپای عێراق(١١). ئەڵبەتە، عێراق چەند بیانوو و پاساوێکی هەبوو، بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و بەکارهێنانی هێز، لەوانە:

یەکەم: گەڕانەوەی ناوچە مێژووییەکانی عێراق، کە لەلایەن ئێرانەوە داگیرکراوە.

دووەم: هاندانی خەڵک و ڕێکخراو و پارت، بەمەبەستی تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێو عێراق.

سێیەم: تۆڵەکردنەوەی تەقاندنەوەی دوو نارنجۆکەکە، کە لەسەرەتادا لە زانکۆی موستەنسریە بوو.

چوارم: یارمەتی دان و زیندوو کردنەوەی پارتە کوردییەکان، لە کوردستانی باشوور، لە سنووری جوگرافی عێراق. بەمەبەستی دروست کردنی گرفت بۆ عێراق.

بەمشێوەیە، لەماوەیەکی کەمدا، سوپای عێراقی توانی شارەکانی (مەهران، قەسری شیرین و موسیان) بگرێت. لە بیست و چواری تشرینی یەکەمیشدا، شاری خوڕەمشەهریان وەدەستخست. لەدوای ماوەیەک، ئێران وەڵامی ئەو هێرش و داگیرکاریانەی عێراقی دایەوە. لە ساڵی (١٩٨٢) ئێرانییەکان پاشەکشەیان بە هێزی عێراقییەکان کرد و بەشێک لە ناوچە داگیرکراوەکانیان لەژێر دەستی عێراقیەکان دەرهێنا(١٢) و سەرکەوتنی گەورەیان بەدەسهێنا، چونکە نێزیکەی چل هەزار سەربازی عێراقی بەدیل گیران و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان بریندار بوون، سوپای عێراقی پاشەکشێی زۆری کرد، بەشێوەیەک لە سەر سنووری هەردوو وڵات توانیان بوەستن(١٣).

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٨) بەردەوام هێرش و پەلامار لەنێوان سوپای عێراقی و سوپای ئێرانی بەردەوام بوو، بەهیچ شێوەیەک سەرکەوتن بۆ هیچ لایەکیان نەبوو، لەهەر هێرشێکدا ژمارەیەکی زۆر

له سـەرباز لەنـاو دەچـوون و زەرەر و زیـانێکی زۆری دارایـی بەر هەردوولایـان دەکەوت. بەڵام، سـوپای ئێرانـی لە هەوڵی تۆڵەکردنەوەدا بوو، پلانی سەربازی بەهێزیان دانا، بەمەبەستی داگیرکردنی فاو، لەعێراق(١٤). لە ساڵی (١٩٨٦) سوپای ئێرانی هێرشی کردە سەر عێراق و لەدوای بەرگرییەکی زۆری عێراقییەکان، سوپای ئێران بەتەواوی لە فاو نێزیک بۆوە و فاوی گرت. لەوسەروبەندەدا بۆردومانی شارێ بەسرە کرا. لە ئەنجامدا عێراق چوار هەزار کوژراو و ئێران دوو هەزار و پێنج سەد کوژراوی هەبوو(١٥).

**کاریگەری شەڕی عێراق-ئێران، بەسەر کوردەوە:**

شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق-ئێران بە زەرەری هەردوولا کۆتایی هات. لەم نێوەندەدا، کورد کارەکتەرێکی سەرەکی و دیار بوو، چونکە کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدرێژایی زۆر هاوسنووری جوگرافی و سیاسـی یەکتـرن، هاوکـات پێکهـاتەیەکی گەورەن لەنێـو عەرەب و فارسـدا، لەبەرئەوە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەنێو شەڕەکەدابوون و دەورو نەخشی تایبەتییان هەبوو، تەنانەت نێوەندی ململانێ و کێشەکان بوو، ناوچە کورد نشینەکان بوو، بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق و ئێران. لێرەدا کاریگەرییەکانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق-ئێران بە خاڵ دەخەینەڕوو:

یەکەم: کوژانی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و هاوڵاتیانی هەردوو وڵات، بەگوێرەی ئامارەکان، ئێران (٧٣٠٠٠٠) حەوت سەد و سی هەزار کوژراو، (١٢٠٠٠٠٠) ملیۆن و دوو سەد هەزار بریندار، (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن خەڵکیش ئاوارە بوون و (٤٥٠٠٠) هەزار سەرباز و خەڵکی جیاوازیان بەدیل گیرابوو. هاوکات، عێراق (٣٤٠٠٠٠) سێ سەد و چل هەزار کوژراو، (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار بریندار، (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار ئاوارە و (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار دیلی هەبوو. لەم نێوەندەشدا، ژمارەیەکی زۆری کورد گیانیان لەدەستدا و کۆتایی بە ژیانیان هات(١٦).

دووەم: بەهـۆی بەردەوامـی شـەڕ و هێرشـەکانی هەردوولا بـۆ سـەر یەکتـری، کە لەسـنووری جـوگرافی کوردستانەوە بوو، بەتەواوی خەڵکی بێ ئومێد و ماندوو ببوو، ئەمەش وایکردبوو، کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکوت بێ و کەمتر دەرفەتی سەرهەڵدان و چالاکی و بزوتنەوەی هەبێ(١٧).

سێیەم: ئەو شـەڕەی بـۆ مـاوەی هەشت ساڵ لەنێوان عێراق و ئێران بەردەوام بوو، بووە هۆی دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر دیاردەی خراپ و نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی ئابووری، بەتایبەتی لەنێوچە کوردییەکان. چونکە بەشێکی زۆر لە خەڵکی شوێنی نیشتەجێ بوون و مانەوەیان تێکدرا و سەرگەردان و ماڵ وێران بوون(١٨).

چوارەم: دیاردەی بێکاری یەکێک بوو لە گرفتە گەورە و بەرچاوەکان، بەتایبەتی لەنێوچە کوردییەکانی هەردوو وڵات، چونکە زۆربەی کارگەکانی بەرهەمهێنان لە کارکەوتن و لەناچوون، بەمشێوەیە ڕێژەی بەرهەم لە سەدا سی دابەزی(١٩).

پێنجەم: عێراق، پارەیەکی زۆری لە کوێت و سعوودیە و وڵاتانی ئەورووپی قەرز کردبوو، بۆ درێژەدان بە شەڕ و کوشتار. هاوکات، نرخی نەوت دابەزیبوو، لەبەرئەوە عێراق توشی دارمانی ئابووری هاتبوو، لەم چوارچێوەیە کوردستانیش گرتبۆوە، چونکە کوردستان بەشێک بوو، لە یەکە سیاسی و جوگرافی عێراق(٢٠).

شەشەم: لەیەکێک لە هێرشە سەربازییەکانی عێراق، ناوچەی سەردەشت زەرەری زۆری هەبوو، لەمبارەیەوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێ: چوار فڕۆکەی عێراقی گوندەکانی توژەڵە، کانی زەرد، نۆکان و گورەشێر-یان لە سنووری سەردەشت بۆردومان کردووە و لەئەنجامدا شەش هاوڵاتی کوژران و پازدەی تر بریندار بوو، بەشێکی زۆر لە خانووەکان خاپور کران. هاوکات، مستەفا نەقیب، فەرمانداری سەردەشت لە ڕۆژنامەی (ئیتلاعات)دا، وتوویەتی: لەچوار قۆناغی جیاوازدا فڕۆکەکەکانی عێراق، پانزدە کیلۆمەتر سنووری خاکی ئێرانیان بەزاندووە و هەشت گوندی بۆردومان کردووە و نێزیکەی (٦٢٠) کەسی ئەو گوندە ئاوارە بوو(٢١).

حەوتەم: سەددام حوسێن، لەسەرەتای کاردانەوە و کردەوەکانی دەستی کرد بە دوورخستنەوەی نێزیکەی چل هەزار هاوڵاتی شیعە مەزهەب، کە بەشێکی زۆری کوردی فەیلی بوون، ئەمەش بە خاڵێکی نێگەتیڤی دادەنرێ، بەرانبەر بە کورد(٢٢).

هەشتەم: لە ساڵی (١٩٨٨) عێراق هێرشێکی فراوانی بۆ سەر تارانی پایتەخت دەستپێکرد و مووشەکی زۆر پێشکەوتووی بەکارهێنا و نێزیکەی سەد و پەنجا مووشەکی ئاراستەی تاران کرد، لەبەرانبەر ئەم هێرشانەی عێراق، ئێران شاری هەڵەبجەی لە سەر سنووری عێراق-ئێران گرت، لەو کاتەشدا زەرەرمەندی یەکەم دانیشتووانی شاری هەڵەبجە بوو(٢٣). چونکە عێراق بەردەوام لەهەوڵی گرتەوەی شاری هەڵەبجە بوو، لەدوای ماوەیەکی کەم، ڕژێمی بەعس بە فرۆکە ئاگاداری بەسەر شاری هەڵەبجەدا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: شارەکە چۆڵ بکەن، چونکە کیمیابارانی دەکەین. -بەر لەکیمیا باران کردنی هەڵەبجە، پێشمەرگە و سوپای ئێرانی هەڵەبجەیان بەجێهێشتبوو- لە شازدەی ئازاری هەمان ساڵدا، عێراق بۆردوومانی شاری هەڵەبجەی کرد، بە گازی کیمیایی و گازی کوشندە -هاوکات، شاڵاوی قۆناغی دووەمی ئەنفال بەڕێوەدەچوو- ، لەماوەی چەند کاژمێرێکی کەمدا، زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیلی کورد لەناوچوون و بەشێکی زۆری دانیشتووانی شارەکەش پەناهەندەی ئێران بوو(٢٤).

نۆیەم: یەکێکی تر لە کاریگەرییە نەرێینی و نێگەتیڤەکانی ئەو شەڕە درێژە، بەسەر کوردەوە، ئەنفالکردنی کورد بوو. ڕژێمی بەعس، پشتی بە سوڕەتێکی قورئان بەستبوو بەنێوی ئەنفال و بەتایبەتی ئایەتی [إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ] واتە: لەمەودوا من ترس و بیم دەخەمە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، دە ئێوەش لەسەر و گەردەنی ناپاکان بدەن و دەست لە هەموو پەنجەکانیان بوەشێنن(٢٥).

شاڵاوەکانی ئەنفالی کوردان، هەشت قۆناغی خایەند و زۆربەی ناوچە کوردییەکانی گرتەوە، قۆناغی یەکەم، لە بیست و سێی شوباتی ساڵی (١٩٨٨) لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێکرد. قۆناغی دووەم، ناوچەی قەرەداغ و دەوروبەری و دەربەندیخانی گرتەوە. قۆناغی سێیەم، ناوچەی گەرمیانی گرتەوە -کە زۆرترین زەرەوزیان و قوربانی هەبوو-. قۆناغی چوارەم، دەشتی کۆیە و بناری خاڵخاڵان و تەق تەقی گرتەوە. قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتە، ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندووزی گرتەوە. قۆناغی هەشتەم، ناوچەکانی بادینانی گرتەوە و لە شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتایی بە کۆتا قۆناغی شاڵاوەکە هات(٢٦). کە زیاتر لە شەش مانگی خایەند و زۆربەی خانووی دێهاتەکان ڕووخێنرا و سوتڕێنرا و لەناوبران و زیاتر لە (١٨٢٠٠٠) سەد و هەشتا و دوو هەزار خەڵکی بێ تاوان و سڤیل، بوونە قوربانی و گواسترانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان و زیندەبەچاڵ کران. تا ئێستاش شوێنی زۆربەیان بە نادیاری ماوەتەوە. هاوکات، پێنج هەزار گوند و دێهاتی کوردستان خاپور کرا(٢٧). لە چوارچێوەی ئەنفالدا، کوردەکان ڕووبەڕووی چەندین نەهامەتی و دەردەسەری تر بوونەوە، لە ئەنجامی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، لەوانە:

ئەلیف: ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان، بۆ ناوچە عەرەبییەکان، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شوناسی نەتەوەیی کورد.

با: کۆکردنەوەی خەڵکی جیاوازی ناوچە کوردییەکان، لە ئۆردوگاکان -کە حکومەتی بەعس، دروستی کردبوون- ئەمەش گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی دروست کردبوو، بەخاتر ئەوەی شێواز و کولتور و مامەڵەکردنیان لەیەکتری جیاواز بوو، بەنموونە: کۆکردنەوەی خەڵکی گەرمیان و بادینان، لەشوێنێکدا، گرفتی بەدوا خۆیدا دەهێنا(٢٨).

جیم: گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر لەناوچە کوردییەکان سەریهەڵدا، کە تا ئێستاش بەردەوامە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بەبەرچاویەوە خەڵکیان دەستگیر و ڕاپێچ کردوو، یا بەبەرچاوییەوە کەسێکی لەدەست داوە(٢٩).

دال: رزگاربوونی ژمارەیەک لە ئەنفالکراون، بەشێوەیەک بەتەنیا خۆیان لەنێو بنەماڵە و خانەوادەکەیان مابوونەوە، واتە تاقانەی ئەنفالن، ئەمانەش، بەردەوام لە حاڵەتێکی نۆستالۆژیادا دەژین و بیرەوەری و ڕووداوە ناخۆش و دڵوێرانکەرەکانیان لەیادە(٣٠).

**کۆتایی شەڕ:**

لەدوای بەردەوامـی هەشـت سـاڵ شـەڕی دوو لایەنەی نێـوان عێـراق-ئێـران و سـەرنەکەوتنی هـیچ لایەنێکیـان، بارودۆخی هەردولا بەتەواوی شپرزە و خراپ ببوو، لەبەرئەوەی لەبیری ئەوە دابوون، کۆتایی بەو شـەڕە درێژ و مـاڵ وێرانکەرە بهێنن، هاوکات وڵاتانی تر لەهەوڵدا بوون نێوبژیوانی نێوانیان بن، لە چواردەی تەممووزدا لە تارانی پایتەختی ئێـران گفتوگۆ دەسـتی پێکـرد، لەدوای سـێ ڕۆژدا، ئێـران بەفەرمـی نـامەی بـۆ سـکرتێری گشـتی ڕێکخـراوە نەتەوەیە یەکگرتووەکان نارد(٣١). هاوکات، سەددام حوسێن ئاگربەستی ڕاگەیاند. لەسەر ئەو بەندانە ڕێککەوتن:

یەکەم: گەڕانەوە بۆ سنوورە نێودەوڵەتیەکان.

دووەم: دەست تێوەرنەدانی هیچ لایەنێکیان لە خاکی یەکتر.

سێیەم: ڕادەستکردنەوەی دیلەکانی شەڕی هەشت ساڵە.

ئەم شەڕە وێرانکەرەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو، لە بیسـتی ئـابی سـاڵی (١٩٨٨) بە بڕیـاری (٥٩٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی پێهات(٣٢).

**ئەنجام:**

لەئەنجامی خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە، لەبارەی ئەو  کورتە باسە، بەم ئەنجامەی خوارە گەیشتین.

یەکەم: بەدرێژایی مێژوو، پێوەندی نێوان عێراق و ئێران، پێوەنـدییەکی بـاش و گونجـاو نەبووە. بەردەوام لەبیری فراوانکردنی خاک و جوگرافیایدا بووە.

دووەم: بەدرێژایی هەشت ساڵ، هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران بەردەوام بوون لەشـەڕ کردن، بەبێ دەسـتکەوتی گرنگ و پڕ بایەخ.

سێیەم: داڕمان و داڕووخانی ژێرخانی ئابووری، بەهۆی زۆری خەرجییە جەنگییەکانەوە.

چوارەم: شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، زەرەر و زیانێکی زۆری بە دانیشتووانی کوردەکان گەیاند.

پێنجەم: لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا، ئەنفالی کوردستان و کیمیابارانی هەڵەبجە کرا.

شەشـەم: لەئەنجـامی ئەنفـال و کیمیابـاران، ژمـارەیەکی زۆری خەڵکـی تووشـی نەخۆشـی دەروونـی و نەخۆشـی جەستەیی بوو.

**لیستی سەرچاوەکان و پەراوێزەکان**


١- فاضـل رسـول: العـراق-ایران..اسـباب وابعـاد النضـاع، ط٢، مطبعـة: دار سـردم للطابعـة و النشـر، کردسـتان-سليماني، ٢٠١٠.

٢- ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق-بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و:سۆران مستەفا کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣.

٣- کـامەران بابـان زادە: ڕێکەوتننـامەی جەزائیـر و ڕەهەنـدەکانی لەسـەر کێشـەی کـورد لە کوردسـتانی باشـوور، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤- نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، پەنجەکـان یەکتـری ئەشـکێنن، دیـوی نـاوەوەی رووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٧٩-١٩٨٣، بەرلین، ل ١٩٩٧، ل ١٧٠.

٥- جنـــــگ ایـــــران و عـــــراق - ویکیپـــــدیا، دانشـــــنامة ازاد
٨D%١B%٨C%D٨%DB%٧A%٨DA%AF_%D%٨٦%٩AC%D%٨https://fa.wikipedia.org/wiki/%D
٨٢%٩D%٧A%٨D%١B%٨D%٩B%٨_%D٨٨%٩_%D٨٦%٩D%٧A%

٦- کامەران بابان زادە: سەرچاوەی پێشوو.

٧- جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب (دوکتـۆر): بـزوتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد لەباشـووری کوردسـتان (١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٨- کریس کوتشیرا حرب العراق و ایران (١٩٨٠-١٩٨٨): الحرب الاولى لصدام حسین، فی الکتـاب الاسـود لصـدام حسین، ترجمة، خسرو بوتاني، مطبعة مؤسسة اراس، اربیل، ٢٠٠٧، ص ٢٣٩.

٩- چارلز تريب: چەند لاپەڕەيەک لەمێژووی عێراق، و: محەمەد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهوڕ، چ ٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٣.

١٠- جەبار قادر (دوكتۆر): چەند بابەتێكی مێژووی کورد، کۆمپیتەر و چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

١١- فاروق محەمەد محەمەدئەمين: سياسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاريخوازی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێنوێ، سلێمانی، ٢٠١٤.

١٢- فيبی مار: مێژووی نوێی نوێ عێراق، و: حەمەشەريف حەمەغەريب و شێرکۆ ئەحمەد حەويز، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

١٣- فاروق محەمەد محەمەدئەمين: سەرچاوەی پێشوو.

١٤- عبدلوهاب عبدالستار القصاب: الحرب العراقية-الايرانية، ١٩٨٠-١٩٨٨ قراءة تحليلية مقارنة فی مذكرات الفريق الاول الركن نزار عبد الكريم فيصل الخزرج، بيروت، ٢٠١٤، ص ٨٧.

١٥- جنگ ايران و عراق - ويكيپديا، دانشنامة ازاد، سەرچاوەی پێشوو.

١٦- المشير عبدلحليم ابوغزاله: سەرچاوەی پێشوو.

١٧- هۆشمەند عەلی مەحمود (دوكتۆر): ڕۆژهەلاتی کوردستان لێکۆڵینەوەيەکە لەدۆخی سياسيی بزوتنەوەی ڕزگاريخوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

١٨- سەمانسا پاوەر: ئەمريكا و ئەنفال، و: بەختيار کەريم، ب.ش.چ، ٢٠٠٦.

١٩- هۆشمەند عەلی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- فيبی مار: سەرچاوەی پێشوو.

٢١- هۆشمەند عەلی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو.

٢٢- چارلز تريب: سەرچاوەی پێشوو.

٢٣- فيبی مار: سەرچاوەی پێشوو.

٢٤- هەورامان عەلی تۆفيق: هەڵەبجە "کارەساتی کيميابارانی ساڵی ١٩٨٨"، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٢٥- القران الكريم: سورة الأنفال، اية ١٢.

٢٦- زوزان ناسر مستەفا: ئۆپەراسيۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە "٢٣ی شوبات-٦ی ئەيلوول ١٩٨٨"-ڤەکۆڵينەکا مێژووييە-، بڵاوکراوەی ئەکاديميای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٧- دەرسيم: ئينسکلۆپيديای تۆمەتبارانی شالاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان، چاپخانەی ئازادی، هەولێر. ٢٠١١.

٢٨- يوسف دزەيی: ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی "لێکۆڵينەوەيەکی مەيدانييە لە پارێزگای هەولێردا، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٩- فريشتە کەوە: کارەساتی هەڵەبجە "تويژينەوەيەکی سايکۆلۆژی"، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٠- عارف قوربانی: تەيمور "تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بە کۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان"، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣١- هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەريم، پەيوەنديە سياسيەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و توركيا و سوريا ١٩٩١-٢٠٠٣، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣.

٣٢- عەلی تەتەر نێروەيی (دوكتۆر): بزاڤی ڕزگاريخوازی نەتەوەيی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر